# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٧٨ ▌ پێنجشەممە ١٥ی خەرمانانی ١٤٠٣ _ ٥ی سێپتامبری ٢٠٢٤

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## بە هاتنی پزشکیان ئێعدامەکان زیادیان کردوە




کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا لە مانگی گەلاوێژدا ٨١ بەندیی لەدار داوە، ئەمەش نزیکەی دوو هێندە زیاترە لەو ٤٥ ئێعدامەیە کە لە مانگی بەفرانباری ساڵی ڕابردوودا ڕاگەیەندرابوون. هەر بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێژیمی ئێران لە ماوەی ٥ مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا لانیکەم ٤٠٠ کەسی لە سێدارە داوە کە ١٥ کەسیان ژن بوون.

لە ڕاگەیەندراوی کارناسانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باس لە ئێعدامی ڕەزا (غوڵامڕەزا) ڕەسایی، خۆپێشاندەری کوردی یارسانی لە بزووتنەوەی ژینادا کراوە کە لەژێر ئەشکەنجەدا ناچار بە دانانی زۆرەملێ کرابوو، و هەر لە سۆنگەی ئەو داننانەوە ئێعدام کرا. هاوکات باس لە شەریفە محەممەدی، پەخشان عەزیزی، مەحموود مێهرابی، عەباس دریس، ئەحمەدڕەزا جەلالی و جەمشید شامەهد وەک نموونەی ئەو کەسانە کراوە کە ڕێژیمی ئێران بە تۆمەتی بێبنەمای «هەوڵدان دژی ئەمنییەتی وڵات» سزای لە سێدارەدانی بەسەریاندا سەپاندوە. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا لانی کەم ٨٢٩ بەندکراوی ئێعدام کردبوو کە ٦ کەسیان بە بەرچاوی گشتی هەڵواسرابوون. هەروەها لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا سزای سێدارەی ٢٢ ژن و ٥ منداڵ لە بەندیخانەکانی ئێران جێبەجێ کران.

## جیهان پێویستە دەنگی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران ببیستێ

# گەمارۆکانی سەر کۆماری ئیسلامی کاریگەر، بەڵام یەکلاکەرەوە نین

## سەپاندنی گەڕێکی نوێی گەمارۆکان دژی سوپای پاسداران



## سەرکوتی سیستماتیک لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا

**کوردستان**

بە مەبەستی چاوترسێنکردنی خەڵک و پێشگرتن لە هەر جووڵەیەکی نارەزایەتی و چالاکیی تایبەت بە ساڵوەگەڕی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا، کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی خۆیەوە، گەڕێکی دیکە لە سەرکوتکردنی لەنێو کۆمەڵگەکانی ئێراندا دەست پێ کردۆتەوە.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستان بڵاویان کردووەتەوە لە ماوەی یەک بۆ دوو حەوتووی ڕابردوودا تەنیا لە شار و ناوچەکانی کوردستان، ڕەوتێکی نوێ لە دەستبەسەرکردنی لاوان بە بیانووی جۆراوجۆر لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە و بە شێوەی سیستماتیک خەریکی بەڕێوەچوونە. هاوکات لەگەڵ دەستبەسەرکردنی چالاکانی سیاسیی و مەدەنی لە کوردستان، لە زۆربەی شوێن و ناوچەکانی ئێران، گوشار بۆ سەر زیندانیانی سیاسی لە زیادبوون‌دایە و هەر لەو چەند ڕۆژەدا لە لایەن بێدادگاییەکانی ڕێژیمەوە، حوکمی قورس و گران بەسەر چەند کەس لەوانەی بەشدارییان لە بزووتنەوەی ژینادا کردوە، داسەپاوە. گوشار خستنەسەر خوێندکاران و بێبەشکردن لە مافی خوێندن بە بیانووی جۆراوجۆری وەک لەبەرچاونەگرتنی حیجاب و بەشدارییان لە بزووتنەوەی ژینادا....

درێژە بۆ لاپەڕەی ٢

## بریتانیا چەند کەس و لایەنی ئێرانیی دیکەی خستە لیستی گەمارۆکانیەوە

حکوومەتی بریتانیا بە هۆی هەوڵەکانی ئێران دژی ناسەقامگیرکردنی بریتانیا و بەردەوامی لە پڕۆژە ئەتومییەکانی سێ کاربەدەستی ئێران و هەروەها یەکەی ٧٠٠ی سپای قودسی ڕێژیمی خستە لیستی ڕەشی گەمارۆکانی ئەم وڵاتە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بانگکردنی کارداری باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران ئەو بڕیارەی بریتانیای پێچەوانەی سیاسەتی بەرپرسانی ئەو وڵاتە لێکداوەتەوە کە لەو ماوەیەدا باسیان لە پەرەدان بە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران کردوە.

ئەمە سێهەمین دەوری گەمارۆکانی ئەمریکا دژی ئێرانە لە ماوەی ٥ مانگی ڕابردوودا. پێشتر لە مانگی بانەمەڕدا ٦ کاربەدەستی نیزامیی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە هەوڵە نایاساییە سەربازییەکانی ڕێژیم لەلایەن بریتانیاوە سزا درابوون. هەروەها ڕۆژی ٣٠ مانگی خاکەلێوەش بریتانیا وێڕای ئەمریکا چەندین ڕێکخراوی نیزامی، کاربەدەست و دامەزراوە ئێرانییەکان لە بەشی پیشەسازیی درۆن و مووشەکی بالستیکی خستبووە لیستی ڕەشی گەمارۆکانی.

لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەن ئەگەرچی سزا نێودەوڵەتییەکان و سزای تاکلایەنەیەکیەریی ئورووپا و هەندێ لە وڵاتان دژی کۆماری ئیسلامی دەستکراوەیی ڕێژیم بۆ بردنەپێشی پیلانەکانی سنووردار کردوە، بەڵام ڕێگای یەکلاکەرەوە پشتیوانی لە جووڵانەوەی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران لە نێوخۆی وڵات و دەستبەردان لە کۆماری ئیسلامییە.

## کوژران و برینداربوونی ١٥ کۆڵبەر و گرتنی ٤٠ چالاکی سیاسیی کورد

لە ماوەی مانگی ڕابردووی زایینیدا (ئاگۆستی ٢٠٢٤) لانی کەم ١٥ کۆڵبەر لە سنوورەکانی کوردستان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون یان بریندار کراون.

زانیاریی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئەوەیە بەهۆی تەقەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی مانگی ڕابردوودا ٤ کۆڵبەر کوژراون و ١١ کۆڵبەریش بریندار کراون. ئەسعەد ئەفرەنجە خەڵکی مەریوان، ناسر عوسمانی خەڵکی ڕەبەت، عەلی ڕەسووڵی خەڵکی مەهاباد و ئەسعەد ئەسپەندار خەڵکی سەردەشت ئەو چوار کۆڵبەرەن کە لە ماوەی مانگی ڕابردووی زایینیدا بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران کوژراون.

هەر لە ماوەی مانگی ئاگۆستی ٢٠٢٤دا لانی کەم ٩٣ چالاکی سیاسی کە ناسنامەیان بە تەواوی ئاشکرا کراوە، لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم دەستبەسەر کراون کە زیاترین دەستبەسەرکراوان کە ژمارەیان ٤٠ کەسە کورد بوون. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، لانی کەم ١٠ چالاکی ژن، ٥ منداڵ، ٤٠ چالاکی سیاسیی کورد، ٢٣ چالاکی بەلووچ و ٨ چالاکی تورک لە مانگی ڕابردووی زایینیدا لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون، یان ڕفێندراون کە زیاترین حاڵەتەکانی دەستبەسەرکران لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان تۆمار کراوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران مانگی پێشووتریش (مانگی ژوئییە) ٢٦ کۆڵبەر و کاسبکاری کوردی لە ناوچە سنوورییەکان دابووە بەر دەسترێژ. هەروەها ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لەو مانگەدا ٤٩ چالاکی سیاسیی کوردیان دەسبەسەر کردبوو.

## هەراوبوونی پتری کەلێنی نێوان خەڵک و ڕێژیم

لە مانگی یەکەمی سەرکۆماریی مەسعوود پزشکیاندا خەڵک نەک هەر چاوەڕوانی وەدیهاتنی بەرنامەکانی دەوڵەت و وادە و بەڵێنەکانی پزشکیان نەبوون، بەڵکوو خەریکی بەردەوامیدان بە نارەزایەتییەکانی خۆیانن. لەو ئێستا پەرەستارەکان و کادری دەرمانیی کەرتی تەندروستی، خانەنشینان و کرێکارانی واگۆن‌پارسی ئەراک لە ڕیزەکانی پێشەوەی ئەو مانگرتنانەن و پێدەچێ لە ڕۆژانی داهاتوودا نارەزایەتی و مانگرتنەکان پتر پەرە بستێنن. بەردەوامیی دۆخی نارەزایەتییەکان لە ئێران ئاماژەی ڕوون بەو ڕاستییەن کە کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵات لە ئێران زۆر لەوە بەرفراوانترە بووکەڵەیەکی وەک پزشکیان بە هەندێ بەڵێنی بێبنەما بیەوێ پڕی بکاتەوە. خەڵکی ئێران بە ئەزموونی دەیان ساڵە بۆیان دەرکەوتوە کە کۆماری ئیسلامی توانای وەڵامدانەوە بە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانی ئەوڕۆی خەڵک وەک ئاو و نان و بەرقیشی نییە، چ بگا بە چارەسەری قەیرانە قووڵە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. بۆیە تاکە ڕێگای کۆتاییهێنان بەو دۆخە خەبات دژی ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمەیە.


ڕق و دوژمنایەتی نەبڕاوەی ڕێژیم بەرانبەر بە کورد
ڕەزا دانشجوو
٣

شەڕی پشتگیریی دارایی لە تێرۆریزم لە لایەن ئێرانەوە
و: کەماڵ حەسەن‌پوور
٥

ڕوانین و هەڵوێستی دەسەڵات بەرانبەر بە کۆمەڵگەی مەدەنی
سمایل شەرەفی
٦

مرۆڤناسیی سیاسەتی مەرگ
د. ئەحمەد محەممەدپوور
٧

دژوار ژیا و بێکەس مرد
قادر وریا
١١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

